**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٩) لە ٢٠٢٠/٧/١٥ وە پشت بەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم ) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار کراو ، لە بەررۆشنایی برگەی (سێیەم) لە ماددەی (١) و لە ماددەی (٨) لە یاسای چاکسازی لە مووچە ودەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هە رێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) وە پشت بەست بەحوکمی ماددەی (١٨) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ی ساڵی (٢٠٠٦) ی هەموارکراو وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

چالاک کردنی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین لە وەزارەتی دارایی وئابووری .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لە بەربەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی (هۆبەی خزمەتگوزاری )لەبەرێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی لە دیوانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

لەبەربەرژەوەندی گشتی وپاڵپشت بەو دەسەلاتەی پێماندراوە بڕیارماندا بە:-

١-ڕاگرتنی دەوامی فەرمی فەرمانگەی دادنووسی کەلار بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژ لە بەرواری (٢٠٢٣/١/٢٤) تاکو (٢٠٢٣/١/٢٦)بەمەبەستی گواستنەوەی فەرمانگەکە .

٢-هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەی دادنووسی کەلار بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژلە بەرواری (٢٠٢٣/١/٢٤) تاکو (٢٠٢٣/١/٢٦) لە دەوامی فەرمی خۆیان دەبن .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت إحمد عبدالله**
**وەزیری داد**